كِتَاب

فضل قيام الليل والتهجد

تَأْلِيف

الإِمَام أَبي بَكُر مُحمَّد بْنُ الحُسَين الآجُرِي



١٢/صفر/١٤٤٣

كتاب فضل قيام الليل والتهجد

تأليف:

الإمام أبي بكر محمد بن الحسين

الآجري (٣٦٠ هـ)

کتێبی: فضل قيام الليل والتهجد

نوسینی: إمام الآجري (رحمه الله)

١٤٤٣ هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

كورتەيەك لەژيانى ئەم ئيمامە بەرێزە :

ناوى محمد كورِى حسين كورِى عبدالله، أبو بكر البغدادي ـه، ٣٦٠ هـ وەفاتى كردووە.

مامۆستاكانى :

١ . إبراهيم بن موسى، ابو اسحاق الجوزي التوزي (٣٠٣ هـ)

٢ . احمد بن الحسن بن عبدالجبار، ابو عبدالله الصوفي البغدادي (٣٠٦ هـ)

٣ . جعفر بن محمد بن الحسن، ابو بكر الفريابي (٣٠١ هـ)

٤ . عبدالله بن العباس، ابو محمد الطيالسي (٣٠٨ هـ)

قوتابيەكانى :

١ . احمد بن عبدالله، أبو نعيم الأصبهاني (٤٣٠ هـ) خاوەنى (حلية الأولياء)

٢ . خلف بن القاسم بن سهل بن الدباغ، أبو القاسم الأزدي الأندلسي القرطبي (٣٩٣ هـ)

٣ . علي بن محمد بن عبدالله بن بشران، أبو الحسن الأموي مولاهم البغدادي (٤١٥ هـ)

بابەتی کتێبەکە :

ئەم کتێبە باس لەگەورەیی و فەزڵی شەونوێژ دەکات، هەروەها باسی ئەو حەدیس و ئەثارانە دەکات دەربارەی شەونوێژ، وە ئەو کەسانەی کە شەونوێژ ئەنجام دەدەن چ پاداشتێکیان بۆ هەیە لە دونیا و دوارۆژدا، وە چەندین ڕوونکردنەوەی تر دەربارەی شەونوێژ باس دەکات .

حدثنا أبوداود قال :حدثنا الحافظ أبوعمرو المقري قال :حدثنا أبوالقاسم سَلَمَةُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ سَلَمَةَ الأستجي .وحدثنا أيضاً أبوعمرو قَالَ :حَدَّثَنَا[... عَبْدُ اللَّهِ ...] حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ بن عبد الله الآجري رحمه الله تعالى قَالَ :الْمَحْمُودُ اللَّهُ تَعَالَى فِي كُلِّ حَالٍ وَالْمُصْطَفَى مُحَمَّدٌ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعَلَى آلِهِ أَجْمَعِينَ وَبِاللَّهِ أَسْتَعِينُ :

كِتَابُ قِيَامِ اللَّيْلِ

اعْلَمُوا رَحِمَنَا اللَّهُ وَإِيَّاكُمْ أَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ أَثْنَى عَلَى الْمُتَهَجِّدِينَ فِي اللَّيْلِ فَأَحْسَنَ عَلَيْهِمُ الثَّنَاءَ وَوَعَدَهُمْ أَحْسَنَ مَا يَكُونُ مِنَ الْمَوْعِدِ الْجَمِيلِ وَرَغَّبَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى قِيَامِ اللَّيْلِ وَحَثَّ أُمَّتَهُ عَلَيْهِ وَهَكَذَا الْعُلَمَاءُ رَغَّبُوا فِيهِ وَحَثُّوا عَلَى قِيَامِهِ ونَبُلَ عِنْدَ جَمِيعِ الْمُسْلِمِينَ مَنْ كَانَ لَهُ حَظٌّ فِي قِيَامٍ، فَنَحْنُ نُبَيِّنُ لِإِخْوَانِنَا مَا فِيهِ مِنَ الْفَضْلِ الْعَظِيمِ وَالْحَظِّ الْجَزِيلِ لِيَكُونَ الرَّاغِبُ فِي قِيَامِ اللَّيْلِ عَلَى بَصِيرَةٍ مِنْ أَمْرِهِ يُتَاجِرُ مَوْلَاهُ الْكَرِيمَ بِعِلْمٍ وَيُحْسِنُ الْخِدْمَةَ لِلْمَوْلَى رَجَاءَ الْقُرْبَةِ مِنْهُ .

بزانن الله رەحم بەئێمە و بەئێوەیش بکات کەوا الله عَزَّ وَجَلَّ مەدحی ئەوانە دەکات کە لەخەو هەڵدەستن بۆ نوێژ بەجوانترین شێوە

باسیان دەكات، وە جوانترین پەیمانی پێیان داوە لە شوێنێكی جوان (واتە اللە پەیمانی پاداشت بەوكەسانە داوە كەوا شەو هەڵدەستن و نوێژ دەكەن وە پەیمانەكەشی جێبەجێ دەكات لەشوێنی خۆیدا لەرۆژی حەق و حیساب)، وە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بۆ هەڵسان لەشەودا، وە هانی ئومەتەكەی دەدات لەسەر ئەمە، وە هەروەها زانایانیش ئەمەیان لا خۆشەویست بووە، وە هاندراون بۆ جێبەجێكردنی، وە ئەمە گەورەییە لای هەموو مسوڵمانان بۆ ئەوانەی كە ئەمە جێبەجێ دەكەن،

وەلەروونی شەوو نوێژدا ئێمە بۆ برایانمان ڕوونی دەكەینەوە لەهەرچیەك لە فەزڵ و گەورەیی وەئەوپاداشتە وەدەست دێنن ، بۆ ئەوەی هەڵسان لەشەودا لایان خۆشەویست بێ لەسەرئەو بەرچاو ڕوونیەی فەرمان پێ دەكرێ لەو كتابە، بازرگانی دەكات لەگەڵ گەورەی بەخشندە بەو زانستەی وە بەو خزمەتە جوانەی بەگەورەكەی بەو ڕەجایەی لێی نزیك بێتەوە .

فَأَمَّا مَا وَصَفَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِهِ الْمُتَّقِينَ مِنْ أَخْلاقِهِمُ الشَّرِيفَةِ فِي الدُّنْيَا الَّتِي أَعْقَبَتْهُمْ عِنْدَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ شَرَفَ الْمَنَازِلِ فِي دَارِ السَّلامِ فَأَثْنَى عَلَيْهِمْ بِمَا تَفَضَّلَ بِهِ عَلَيْهِمْ وَوَفَّقَهُمْ لَهُ فَلَهُ الْحَمْدُ عَلَى ذَلِكَ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّـٰتٍ

وَعُيُونٍ ﴿١٥﴾ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ ۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ ﴿١٦﴾ كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ﴿١٨﴾﴾ الذاريات [١٥-١٨]

فَوَصَفَهُمْ جلَّ ذِكْرُهُ بِقِلَّةِ النَّوْمِ أَنَّهُمْ أَكْثَرُ لَيْلِهِمْ قِيَامًا إِلَى السَّحَرِ ثُمَّ أَخَذُوا عِنْدَ السَّحَرِ فِي الاسْتِغْفَارِ لِمَا سَلَفَ مِنْهُمْ مِمَّا لا يُرْضِيهِ وَإِشْفَاقًا مِنْهُمْ عَلَى أَعْمَالِهِمُ الصَّالِحَةِ أَلا تُرْضِيهِ.

وە ئەوەی کە اللە تعالی بەندە پارێزراوەکانی پێ وەسف دەکات، لە ڕەوشتی بەرزیان لە دونیادا کە عاقیبەتیان لەلایەن اللەوە ماڵی حەسانەوەی گەورەیان بۆ دانراوە لە بەهەشتدا، وەباس دەکرێن بەو فەزڵەی کەپێ پێیداون و تەوفیقی کردوون، سوپاس بۆ اللە لەسەر ئەمە .

اللە تعالی دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ﴿١٥﴾ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ ۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ ﴿١٦﴾ كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ﴿١٨﴾﴾ الذاريات [١٥-١٨]

واتە : بەڕاستی پارێزکاران لە باخەکانی بەهەشت و کانیاوەکانی بەهەشتدا ژیانی خۆش دەبەنە سەر، ئەو شتانەی پەروەردگار بۆیان ئامادە کردووە پێیان دەبەخشێت ئەوانەیش بەخۆشی و شادیەوە

وەریدەگرن بەڕاستی ئەوانە پێشتر لەدونیادا چاکەکار و چاکەخواز بوون، لەشەوگاردا زۆر کەم دەخەوتن و ڕادەکشان، لە بەرەبەیانیشدا داوای لێخۆشبوونیان لە الله تعالی دەکرد.

الله تعالی ئەوانی وەسف کردووە بە کەمی خەوتن ئەوان زۆرترین شەوەکانیان هەڵدەستان تاکو بەرەبەیان، لەپاشان لەبەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد لەڕابردوویان لەو کارانەی کە الله پێی ڕازی نەبوو وە داوای ڕەحمیان دەکرد لەو کارە چاکانەی کە کردوویانە کە ئایە الله پێی ڕازی بووە (واتە بێجگە لەوەی داوای لێخۆشبوون دەکەن لەکارەکانی ڕابردوو بەڵکو داوای رەحم و بەزەییان دەکرد بۆ وەرگرتنی کارە چاکەکانیان کە پێی ڕازی بێت).

أَفَتَرى الْكَرِيمَ لا يُجِيبُهُمْ بَلْ يُجِيبُهُمْ وَهُوَ أَكْرَمُ مِنْ ذَلِكَ ثُمَّ قَالَ جَلَّ ذِكْرُهُ فِيمَا وَصَفَ بِهِ عِبَادَهُ مِنَ الأَخْلاقِ الَّتِي شَرَّفَهُمْ بِهَا فَقَالَ: {وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا .وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلامًا .وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سجدا وقياما}

فَوَصَفَهُمْ جلَّ ذِكْرُهُ أَنَّهُمْ فِي مَبِيتِهِمْ فِي لَيْلِهِمْ لَيْسَ هُمْ كَغَيْرِهِمْ مِنْ سَائِرِ النَّاسِ وَذَلِكَ أَنَّ أَكْثَرَ الْخَلْقِ يَتَلَذَّذُونَ بِالنَّوْمِ وَهَؤُلاءِ اسْتَأْثَرُوا الْخِدْمَةَ لِمَوْلاهُمُ الْكَرِيمِ ثُمَّ

وَصَفَهُمْ جَلَّ ذِكْرُهُ فِي مَوْضِعٍ آخَرَ فَقَالَ: {تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وطمعا ومما رزقناهم ينفقون}

وَقَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ : {أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وقائما يحذر الآخرة ويرجوا رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ إنما يتذكر أولوا الألباب}

پێت وایە الله ـی بەخشندە وەڵامیان ناداتەوە، بەڵێ وەڵامیان دەداتەوە ئەو بەڕێزترە لەوان، دواتر الله تعالی باسی ئەوە دەکات کە بەندەکانی پێ وەسف دەکات لە ڕەوشتیان کە بەهۆیەوە شەرەفیان پێدراوە دەفەرموێت :

﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا ﴿٦٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا ﴿٦٤﴾ ﴾ الفرقان [٦٣، ٦٤]

واتە : بەندەکانی پەروەردگاری میهرەبان ئەو کەسانەن کە زۆر بەهێمنی بەسەر زەویدا دەڕۆن کاتێکیش نەفامان بەقسەو قسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبن لەوەڵامیاندا دەڵێن سەلام، وە ئەوانەی کە شەوگار بۆ پەروەردگاریان بە سوجدە و وەستان و نوێژ دەبەنە سەر.

الله تعالی ئەوانی وەسف کردووە بەوەی لە شەوەکانیان دەمێننەوە نەك وەك خەڵکانی غەیری خۆیان، کە زۆربەی درووستکراوەکان چێژ وەردەگرن لە خەوتن، وە ئەوانەش تامەزرۆن بۆ خزمەتی گەورەی بەخشندە (واتە :الله تعالی) ، دواتر الله تعالی وەسفی ئەوان دەکات لەشوێنێکی تر دەفەرموێت : ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ١٦ ﴾ السجدة [١٦]

واتە: (ئەو ئیمانداره بەختەوەرانە) نێوانیان خۆش نیه لەگەڵ ڕاکشان لە جێگەو ڕێگەو ڕێگەی گەرم و نەرما (واتە بەنوێژو خواپە رستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر) هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریانە لە خەشم و قین و دۆزەخی دەترسن، ئاواتی ڕە زامەندی و بەهەشتیان هەیە و لەو ڕزق و ڕۆزی و توانایی و زانیاریە ی پێمان بەخشیوون دەبەخشن .

وە الله عَزَّ وَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ ﴾ الزمر [٩]

واتە: (ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە باسکران چاکترن (یان ئەو ئیماندارەی کە لە دووتوێی شەوگاردا هەڵدەستێت بۆ خواپەرستی،

سوژده دەبات و بەپێوە دەوەستێت، لە لێپرسینەوەی قیامەت دە ترسێت و ئومێد و هیوای بەمیهرەبانی پەروەردگاری هەیە، ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ : ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئە وانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نیە؟، بەڕاستی تەنها خاوەن بیروهۆشەکان لەم جۆرە یاداوەریانە سوود وەردەگرن و تێدەگەن)لە حەقیقەتی دنیا و قیامەت، وە دڵنیان ژیانی دنیا فرسەتێکی بە نرخە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله بەکاری دەهێنن) .

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ : تَدَبَّرُوا رَحِمَكُمُ اللَّهُ مَا تَسْمَعُونَ مِنْ مَوْلاكُمُ الْكَرِيمِ كَيْفَ يُخْبِرُ بِكَثْرَةِ سُجُودِهِمْ وَطُولِ قِيَامِهِمْ وَحُسْنِ خِدْمَتِهِمْ، ثُمَّ أَخْبَرَ عَنْهُمْ بَعْدَ هَذَا الكدِّ الشَّدِيدِ أَنَّهُمْ عَلَى حَذَرٍ مِمَّا حَذَّرَهُمْ مِنْ عَظِيمِ شَأْنِ الآخِرَةِ وَشِدَّةِ أَهْوَالِهَا، وَأَنَّ الْغَالِبَ عَلَى قُلُوبِهِمْ شِدَّةُ الْخَوْفِ وَالْوَجَلُ مَعَ الْمُسَارَعَةِ فِيمَا يُرْضِيهِ، وَكَذَلِكَ وَصَفَهُمْ فِي مَوْضِعٍ آخَرَ مِنْ كِتَابِهِ فَقَالَ عَزَّ وَجَلَّ: {إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مشفقون. والذين هم بآبات رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ. وَالَّذِينَ هُمْ بِرَبِّهِمْ لا يُشْرِكُونَ. وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ. أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الخيرات وهم لها سابقون}، وَقَالَ عَزَّ وَجَلَّ: {لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وهم يسجدون}، فَأَخْبَرَ عَزَّ وَجَلَّ عَنْ تِلاوَتِهِمْ لِلْقُرْآنِ فِي اللَّيْلِ تَارَةً قِيَامًا وَتَارَةً لِلَّهِ سُجَّدًا .

محمد ابن الحسين وتى : تەدەبور بكەن ڕەحمەتى الله ـتان ليبيت لەوەى كە دەيبيستن لە گەورەى بەخشندە (الله تعالى)چۆن هەواڵ دەدات بەزۆرى سوجدە بردنيان و دريژى وەستانيان و خزمەتى جوانيان، لەپاشان هەواڵيان پێ دەدات لەدواى ئەو هەوڵە زۆرە ئەوان لەترسدان ئەو ترسەى ئەوان لە گەورەيى كارى ئاخيرەتە وە زۆرى ترس، وە بەڕاستى ئەوان بە زۆرى لەسەر دڵيان ترس و تۆقينێكى زۆر هەيە لەگەڵ پەلەبوونيان بۆ ڕازى كردنى (واتە ئەوان لەگەڵ زۆرى سوجدە بردنيان و مانەوەى زۆر بە وەستانەوە لەهەمان كاتدا ترسێكى زۆريان لە دڵدا هەيە و لە ئاخيرەتيان دەترسن بێجگە لەمەش پەلە دەكەن بۆ ڕازى كردنى الله تعالى) وە الله تعالى وەسفى ئەوان دەكات لە شوێنێكى تر لە كيتابەكەى الله عَزَّ وَجَلَّ دەفەرمويت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ المؤمنون [٥٧-٦١]

واتە : بەڕاستى ئەوانەى كە ترسى الله ـيان لەدڵدايە و دەترسن لێيان بڕەنجێت، وە ئەوانەش بڕوا بە ئايەت و فەرمانەكانى الله دێنن، وە ئەوانەيش كە هاوبەش بۆ الله بڕيار نادەن، وە ئەوانەش كە دەبەخشن لە زەكات و خێر دڵيان دەترسێت نەوەك لێيان

وەرنەگیرێت چونکە ئەوانە بێگومان بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە، ئا ئەوانە بەپەلەن بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك و پێشبڕکێ دەکەن لە چاکەدا .

وە الله عَزَّ وَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿ ۞ لَيۡسُواْ سَوَآءٗۚ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ آل عمران [١١٣]

واتە: (گاور و جوو) هەموویان یەکسان و چوونیەك نین بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەك لە ئیمانداارانیان هەن ئایەتەکانی الله لە کاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو نوێژ دەکەن و سوجدە دەبەن .

الله عَزَّ وَجَلَّ هەواڵ دەدات بە خوێندنەوەی قورئان لەشەودا جارێك بە وەستان، وە جارێکیش سوجدە بردن بۆ الله .

قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ فِيمَا وَصَفَ بِهِ أَهْلَ التَّهَجُّدِ فِي اللَّيْلِ فَقَالَ :

قَدْ حَمَّلُوا اللَّيْلَ أَبْدَانًا مُذَلَّلَةً ... وَأَنْفُسُنَا لا دَنِيَّاتٌ وَلا دُونْ

وَرَاوَحُوا بَيْنَ أقدام لهم صبر ... وأوجه عفروا مِنْهَا الْعَرَانِينْ

يَتْلُونُ فِي مُحْكَمِ الْفُرْقَانِ أَمْنَتَهُ ... وَتَارَةً سُجَّدًا لِلَّهِ يَبْكُونْ

تُمْرِي قَوَارِعُ فِي الْقُرْآنِ أَعْيُنَهُمْ ... مَرْيَ الْمُرَايِي أَكُفَّ الْمُسْتَدِيرِينْ

عبدالله ابن مبارك (رحمه الله) له وەسفی ئەهلی كۆشش لەشەودا دەڵێت :

شەو بە جەستەكانیان هەڵەستانەوە و زەلیلیان كرد

وە نەفسەكانمان ڕازی نابێت بە شتە سووكەكان وە لەمە كەمتر

وە لەسەر پێ كانیان شەو سەبریان دەگرت

وە دەمو چاویان لە گڵ تۆزاوی كرد لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگار

ئایەتەكانی پەروەردگار دەخوێندەوە لە قورئان

وە سوجدە دەبەن بۆ پەروەردگار و دەگرین

ترسینەرەكانی قورئان چاوەكانیان ئەگریێنێت

گریان لە چاویان دا وەك باران دەبارێت

وَقَالَ ابْنُ الْمُبَارَكِ أَيْضًا :

إِذَا مَا اللَّيْلُ أَظْلَمَ كَابَدُوهُ ... ... فَيُسْفِرُ عَنْهُمْ وَهُمْ رُكُوعُ

أَطَارَ الْخَوْفُ نَوْمَهُمْ فَقَامُوا ... ... وَأَهْلُ الأَمْنِ فِي الدُّنْيَا هُجُوعُ

وه هەروەها ابن مبارك (رحمه الله) دەڵێت :

ئەگەر شەو تاريك بوايە تێدەكۆشان لەگەڵی

تاكو بەيانی ئەبوويەوە و ئەوانيش لە ڕوكوع دابوون

ترس خەوی بۆ نەهێشت بوونەوە بۆيە هەڵەستانەوە

وە ئەهلی هێمنی و ئاسايش لە دونيا لە خەوتندان

١. حَدَّثَنَا بِهَذَا أَبُو مُحَمَّدٍ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْعَبَّاسِ الطَّيَالِسِيُّ قَالَ سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ عَلِيِّ بْنِ شَقِيقٍ قَالَ سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ، وَذَكَرَ هَذِهِ الأَبْيَاتَ .

محمد ابن علي ابن شقيق وتی : گوێم لە باوكم بوو دەيوت :
عبدالله ـی كوڕی مبارك وتی وە ئەم ئەبياتانەی باس كرد
(مەبەستی شعرەكەی سەرەوەيە) .

٢. حَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدٍ يَحْيَى بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ الْمَرْوَزِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ أَخْبَرَنَا مُبَارَكُ بْنُ فَضَالَةَ عَنِ الْحَسَنِ فِي قَوْلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ :{كَانُوا قَلِيلا مِنَ الليل ما يهجعون}، قَال: قَلِيلٌ مِنَ اللَّيْلِ مَا

ينامون. {وبالأسحار هم يستغفرون}، قَالَ: مَدُّوا الصَّلاةَ إِلَى الأَسْحَارِ ثُمَّ أَخَذُوا فِي الأَسْحَارِ بِالاسْتِغْفَارِ.

له حسن ـەوە ڕیوایەت کراوە دەربارەی وتەی الله عَزَّ وَجَلَّ : ﴿ كَانُواْ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ﴾ وتی :کەمێك لەشەودا دەخەون.

﴿ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ﴾ وتی : نوێژکردنیان تا بەرەبەیان درێژە دەکێشێ دواتر لە بەرەبەیان دەست دەگرن بە داوای لێخۆشبوون.

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ: وَقَد رويَ عن النبي صلى الله عليه وسلم في الحثّ على قيام الّليل ورغب فيهِ أمّته، وأخبر أنّه لا صلاة بَعد صلاة الفَريضة أفضَل من قيام الّليل.

وە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت کراوە دەربارەی هاندان بۆ هەڵسان لەشەودا و خۆشویستنی ئومەتەکەی بۆ ئەو (واتە خۆشویستن بۆ شەونوێژ)، وە هەواڵی پێداوین کە هیچ نوێژێك نییە دوای نوێژە فەرزەکان گەورەتر بێت لە شەونوێژ.

٣. حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ أَحْمَدُ بْنُ يَحْيَى الْحُلْوَانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ الْحِمَّانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ عُمَيْرٍ - عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْتَشِرِ

عَنْ حُمَيْدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الْحُلْوَانِيُّ وَحَدَّثَنَا الْحِمَّانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ عَنْ أَبِي بِشْرٍ عَنْ حُمَيْدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ أَفْضَلُ الصَّلاةِ بَعْدَ الصَّلاةِ الْمَفْرُوضَةِ صَلاةُ اللَّيْلِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ئەفزەڵترین نوێژ دوای نوێژە فەرزەکان شەونوێژە) .

٤. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ أَحْمَدُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ عَبْدِ الْجَبَّارِ الصوفي قال حدثنا يَحْيَى بْنُ مَعِينٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ صَالِحٍ عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ صَالِحٍ عَنْ رَبِيعَةَ بن يزيد - عن أبي إِدْرِيسَ عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ وَقُرْبَةٌ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَمَكْفَرَةٌ لِلسَّيِّئَاتِ وَمَبْرَأَةٌ مِنَ الإِثْمِ وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ.

پێغەمبەر : ﷺ دەست بگرن بە شەونوێژەوە چونکە ئەمە پیشەی پیاوچاکان بوە لەپێش ئێوە، وە لە الله جل وعلا نزیکت دەکاتەوە، وەسڕینەوەی تاوانەکانتە .

(واتە بەری دەبی لەتاوان و کۆتایی بەتاوانت دێنی) .

٥. وَحَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي دَاوُدَ قَالَ حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ رُزَيْقٍ قَالَ حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ قَالَ أَخْبَرَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ - سُلَيْمَانَ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ أَبِي الْعَلاءِ الْعَنَزِيِّ عَنْ سَلْمَانَ الْفَارِسِيِّ عَنْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ وَهُوَ قُرْبٌ مِنَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَتَكْفِيرٌ لِلسَّيِّئَاتِ وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ وَمَطْرَدَةٌ لِلدَّاءِ عَنِ الْجَسَدِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : دەست بگرن بە شەونوێژەوە چونکە ئەمە خووی پیاوچاکانی پێش ئێوە بووە، وە نزیکیە لە اللە عَزَّ وَجَلَّ، وە سڕینەوەی گوناهەکانە و ڕێگریکارە لە گوناهـ و دەرکەری نەخۆشییە لە لاشە .

- ٦حَدَّثَنَا أَبُو الْفَضْلِ الْعَبَّاسُ بْنُ يُوسُفَ الشِّكْلِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَيُّوبُ بْنُ سُلَيْمَانَ الصُّغْدِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا ثَابِتُ بْنُ مُوسَى قَالَ حَدَّثَنَا شَرِيكُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ عَنِ الأَعْمَشِ -عَنْ أَبِي سُفْيَانَ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ كَثُرَتْ صَلاتُهُ بِاللَّيْلِ حَسُنَ وَجْهُهُ بِالنَّهَارِ.

پێغەمبەر ﷺ : (هەرکەسێك نوێژی زۆربێت لەشەودا ئەوا لەڕۆژدا ڕوخساری جوان ئەبێت) .

٧. وَحَدَّثَنَا أَبُو الْفَضْلِ الشِّكْلِيُّ أَيْضًا قَالَ حَدَّثنَا عَلِيُّ بْنُ مُوَفَّقٍ [.. ..] مَا بَالُ أَهْلِ اللَّيْلِ حِسَانُ الْوُجُوهِ قَالَ :لأَنَّهُمْ قَرُبُوا مِنَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَكَسَاهُمْ مِنْ نُورِهِ.

بۆی گێڕاینەوە علي بن موفق [...] ئەهلی شەوگار چییانە ڕووخساریان بەو جۆرە جوانە، وتی: (لەبەرئەوەی ئەوان نزیك بوونەوە لە الله عَزَّ وَجَلَّ ، ئەمیش لە نوور و ڕووناکی خۆی کرد بەبەریاندا) .

٨. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا - عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ عَبَّادٍ أَخُو حَمْدُونِ بْنِ عَبَّادٍ الْفَرْغَانِيُّ قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ قَالَ حَدَّثَنَا شَيْخٌ مِنَ الْبَصْرِيِّينَ عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ مُسْلِمٍ قَالَ قِيلَ لِلْحَسَنِ :مَا بَالُ الْمُتَهَجِّدِينَ أَحْسَنُ النَّاسِ وُجُوهًا؟ قَالَ :لأَنَّهُمْ خَلَوْا بِالرَّحْمَنِ فَأَلْبَسَهُمْ نُورًا مِنْ نُورِهِ .

وترا بە حسن : تێکۆشەرانی شەو چییانە جوانترین ڕووخساریان هەیە لەنێو خەڵکی؟ وتی: (لەبەرئەوەی ئەوان لە خەڵوەتدابوون لەگەڵ الرحمن بۆیە ئەمیش ڕووناکییەك لە ڕووناکیەکانی خۆی کردەبەریان) .

٩. أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو كُرَيْبٍ - مُحَمَّدُ بْنُ الْعَلاءِ الْهَمْدَانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ آدَمَ قَالَ حَدَّثَنَا إِسْرَائِيلُ عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ وَأَبِي الْكَنُودِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ يَضْحَكُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى رَجُلَيْنِ رَجلٌ قَامَ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ وَأَهْلُهُ نِيَامًا فَتَطَهَّرَ ثُمَّ قَامَ يُصَلِّي فَيَضْحَكُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَرَجُلٌ لَقِيَ الْعَدُوَّ فَانْهَزَمَ أَصْحَابُهُ وَثَبَتَ حَتَّى رَزَقَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الشَّهَادَةَ.

عبدالله ابن مسعود وتی: (الله عَزَّ وَجَلَّ پێدەکەنێت بە دووپیاو، پیاوێك لەنیوەشەودا هەڵدەستێت لەکاتێکا خێزان و منداڵەکانی خەوتوون، لەپاشان دەچێت دەسنوێژ هەڵئەگرێت و نوێژدەکات بۆیە الله عَزَّ وَجَلَّ بۆی پێدەکەنێت، وە پیاوێکیش گەیشت بە دوژمنەکانی لەکاتی جەنگدا کاتێك هاوڕێکانی تێکشکێنران، ئەو جێگیر و ڕاگیراو بوو هەتا الله عَزَّ وَجَلَّ شەهیدبوونی پێبەخشی).

١٠. حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ صَالِحِ بْنِ ذُرَيْحٍ الْعُكْبَرِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا هَنَّادُ بْنُ السَّرِيِّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ - إِسْحَاقَ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ فِي الْجَنَّةِ غُرَفًا يُرَى بُطُونُهَا مِنْ ظُهُورِهَا وَظُهُورُهَا مِنْ بُطُونِهَا قَالَ فَقَامَ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ لِمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَقَالَ هِيَ لِمَنْ طَيَّبَ الْكَلامَ وَأَطْعَمَ الطَّعَامَ وَأَفْشَى السَّلامَ وَصَلَّى بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لە بەھەشتدا ژوورانێك ھەن ڕووی ناوەوەیان لەدەرەوەیانەوە ئەبینرێت، وە ڕووی دەرەوەیان لەناوەوەیانەوە ئەبینرێت، وتی : دەشتەكییەك ھەڵسایە سەر پێ و وتی : بۆ كێیە ئەمە؟

فەرمووی : بۆ كەسێك گوفتاری شیرین بێت، خواردن ببەخشێت بە كەسانی برسی و ھەژار و كەمدەرامەت و سەلام كردن بڵاوبكاتەو، وە بەشەو نوێژ بكات لەكاتێكدا خەڵكی خەوتوون) .

١١. حَدَّثَنَا الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا مِنْجَابُ بْنُ الْحَارِثِ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو الأَحْوَصِ عَنْ أَبِي - إِسْحَاقَ عَنْ أَبِي عُبَيْدَةَ قَالَ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ يَعْنِي ابْنَ مَسْعُودٍ إِنَّ فِي التَّوْرَاةِ مَكْتُوبًا لَقَدْ أَعْطَى اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الَّذِينَ تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ مَا لَمْ تَرَ عَيْنٌ وَلا تَسْمَعْ أُذُنٌ وَلَمْ يَخْطُرْ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ مَا لا يَعْلَمُهُ مَلَكٌ مُقَرَّبٌ وَلا نَبِيٌّ مُرْسَلٌ، قَالَ وَنَحْنُ نَقْرَؤُهَا} :فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ من قرة أعين.

عبدالله ابن مسعود وتی: بەڕاستی لە تەوڕاتدا نوسراوە، الله عَزَّ وَجَلَّ بەو كەسانە دەبەخشێت كە دوورن لە ڕاكشان ئەگەرچی چاو نەیبینێ، وە گوێش نەیبیستێ، وە ھیچ شتێكی خراپ بەدڵیدا نەیێت، ھیچ كەسێك لە فریشتە نزیكەكانی نازانێت، وە ھیچ پێغەمبەرێكی نێردراو).

١٢. حَدَّثَنَا أَبُو الْفَضْلِ الْعَبَّاسُ بْنُ يُوسُفَ الشِّكْلِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عَمِّي قَالَ حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي مَرْيَمَ قَالَ حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ الْجُعْفِيُّ - قَالَ حَدَّثَنَا هِلالٌ قَالَ حَدَّثَنِي طَلْحَةُ بْنُ مُصَرِّفٍ قَالَ بَلَغَنِي أَنَّ الْعَبْدَ إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ لِلتَّهَجُّدِ نَادَاهُ مَلَكٌ طُوبَى لَكَ سَلَكْتَ مِنْهَاجَ الْعَابِدِينَ قَبْلَكَ، قَالَ وَإِنَّ لَيْلَتَهُ تِلْكَ لَتُوصِيَ بِهِ اللَّيْلَةَ الأُخْرَى أَنْ أَيْقِظِيهِ فِي وَقْتِهِ الَّذِي قَامَ فِيهِ، قَالَ وَيَتَنَاثَرُ عَلَيْهِ الْبِرُّ مِنْ أَعْنَانِ السَّمَاءِ إِلَى مَفْرِقِ رَأْسِهِ وَيُنَادِيهِ مُنَادٍ لَوْ يَعْلَمُ الْمُنَاجِي مَنْ يُنَادِي مَا انْفَتَلَ.

طلحة بن مصرف وتی: (پێم گەیشتووە کەوا بەندە ئەگەر هەڵسا بۆ شەو و کۆششی کرد ئەوا فریشتە بانگی دەکات مژدەت لێبێ ڕێگای مەنهەجی بەندەکانی پێش خۆت گرتووە).

وتی: ئەو شەوە وەسیەتی پێ ئەکات بەشەوەکەی دوای خۆی کە لەهەمان کاتدا بەخەبەری بهێنن کە تیایدا هەڵساوە.

وتی: چاکە پەرشوبڵاو ئەبێتەوە لەهەموولایەکی ئاسمانەوە هەتا شوێنی جیاکەرەوەی مووەکانی سەری و بانگکەرێك بانگی ئەکات، ئەگەر ئەو کەسەی موناجات ئەکات ئەیزانی بانگی کێ ئەکات ئەوا دوورنەئەکەوتەوە.

١٣. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ أَحْمَدُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ عَبْدِ الْجَبَّارِ الصُّوفِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا هَارُونُ بْنُ مَعْرُوفٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بن وهب عن عمرو الْحَارِثِ عَنْ دَرَّاجٍ عَنْ أَبِي الْهَيْثَمِ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الشِّتَاءُ رَبِيعُ الْمُؤْمِنِ قَصُرَ نَهَارُهُ فَصَامَهُ وَطَالَ ليله فقامه.

پێغەمبەر ﷺ کاتێ زستان هات وتی: (ئەی ئەهلی قورئان شەو درێژ بووە بۆ نوێژەکانتان، وە ڕۆژیش کورت بووە بۆ ڕۆژووەکانتان، غەنیمە کۆبکەنەوە).

١٤. حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ أَيُّوبَ السَّقَطِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ الدَّوْرَقِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ إِدْرِيسَ قَالَ حَدَّثَنَا حُصَيْنٌ عَنْ مُجَاهِدٍ عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ كَانَ إِذَا جَاءَ الشِّتَاءُ قَالَ يَا أَهْلَ الْقُرْآنِ طَالَ اللَّيْلُ لِصَلاتِكُمْ وَقَصُرَ النَّهَارُ لِصِيَامِكُمْ فَاغْتَنِمُوا.

عبيد بن عمير وتی: (کاتێ زستان هات وتی: ئەی ئەهلی قورئان شەو درێژ بووە بۆ نوێژەکانتان، وە ڕۆژیش کورت بووە بۆ ڕۆژووەکانتان، غەنیمە کۆبکەنەوە).

١٥. حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدٍ الصَّنْدَلِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ مُجَشِّر قَالَ حَدَّثَنَا هُشَيْمُ بْنُ بَشِيرٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو عَامِرٍ قَالَ حَدَّثَنَا الْحَسَنُ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلُّوا مِنَ اللَّيْلِ وَلَوْ رَكْعَتَيْنِ، مَا مِنْ أَهْلِ بَيْتٍ تُعْرَفُ لَهُمْ صَلاةٌ - بِاللَّيْلِ إِلا نَادَاهُمْ مُنَادٍ يَا أَهْلَ الْقُرْآنِ قُومُوا لصلاتكم.

قال هشيم وأخبرنا غَيْرُ أَبِي عَامِرٍ أَنَّ الْحَسَنَ قَالَ فِي هَذَا الْحَدِيثِ :فَاللَّهُ أَعْلَمُ مَا ذَاكَ الْمُنَادِي.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لەشەودا نوێژ بکەن گەرچی دوورکاتیش بێت،هیچ ماڵێ نیە زانرابێت بەشەو نوێژ ئەکەن ئیللا بانگبێژێ بانگیان ئەکات ئەی ئەهلی قورئان هەڵسن بۆ نوێژەکانتان).

هشیم وتی :هەواڵم پێدراوە بێجگە لە باوکی عامر کە الحسن دەربارەی ئەم حەدیثە وتی: (الله زاناترە بەوەی کە ئەو بانگبێژە چییە).

١٦. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا سَعْدَانُ بْنُ نَصْرٍ قَالَ حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ الأَزْرَقُ عَنْ عَوْفٍ الأَعْرَابِيِّ عَنْ - أَبِي مَخْلَدٍ عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ قَالَ حَدَّثَنِي أَبُو مُسْلِمٍ قَالَ قُلْتُ لأَبِي ذَرٍّ أَيُّ صَلاةِ اللَّيْلِ أَفْضَلُ قَالَ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسلم قال نِصْفُ اللَّيْلِ وَقَلِيلٌ فَاعِلُهُ.

ابو مسلم وتی: به ابو ذر ـم وت : چ نوێژێکی شەو ئەفزەڵترە ؟؟

وتی : پرسیارم کرد لە رسول الله ﷺ فەرمووی: (نیوەی شەو، کەمێکیان ئەنجامی دەدەن) .

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ: يَنْبَغِي لِمَنْ كَانَ لَهُ حظٌّ مِنَ اللَّيْلِ أَنْ يَدُومَ عَلَيْهِ وَيُرَاعِيَهُ قَلَّ ذَلِكَ أَوْ كَثُرَ وَيَتَحَذَّرَ مِنْ فُتُورِ النَّفْسِ فَإِنَّ النَّفْسَ رُبَّمَا فَتَرَتْ وَاسْتَلَذَّتِ النَّوْمَ فِي وَقْتِ الْقِيَامِ فَزَيَّنَ لَهَا الشَّيْطَانُ النَّوْمَ لِيَنَامَ عَنِ الْقِيَامِ حَسَدًا مِنْهُ لِلْمُؤْمِنِ فَيَنْبَغِي لِمَنْ أَحَسَّ بِذَلِكَ مِنْ نَفْسِهِ أَنْ يُكْثِرَ الذِّكْرَ للَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَ استيقاظه وينضح الماء عل وَجْهِهِ فَإِنَّهُ يَنْطَرِدُ عَنْهُ مَا أَمَّلَهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْفُتُورِ عَنِ الْقِيَامِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ .

محمد ابن الحسين وتی: پێویستە لەسەر هەرکەسێ کە پشکێك لە هەڵسانی هەیە لەشەودا بەردەوام بێ لەسەری و ڕەچاوی بکات،ج جا ئەو هەڵسانە کەم بێ یان زۆر، وە زۆر وریابێ لە کەمتەرخەمیی نەفسی، چونکە ڕەنگە نەفس کەمتەرخەمیی بکات و حەز بەخەوتن بکات لەکاتی شەونوێژدا، بۆیە شیطان خەوەکەی بۆ دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی نوێژەکەدا بخەوێت لەبەر حەسوودی پێبردنی بە بڕوادار، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی هەستی بەوە کرد لەنەفسیدا، زۆر یادی پەروەردگاری بکات لەکاتی هەڵسانی لەخەو و

ئاوبپرژێنێ بەدەم وچاویدا چونکە ئەمە ئەو ئاواتەی شیطان دەردەکات لە کەمتەرخەمی نواندنی لەکاتی نوێژەکەدا.

١٧. حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْحَمِيدِ الْوَاسِطِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْمُقْرِئُ قَالَ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ عَنْ أَبِي الزِّنَادِ عَنِ الأَعْرَجِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ - قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا نَامَ أَحَدُكُمْ عَقَدَ الشَّيْطَانُ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاثَ عُقَدٍ يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ أَيِ ارْقُدْ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فإن صلى انجلت الْعُقَدُ كُلُّهَا، قَالَ فَيُصْبِحُ طَيِّبَ النفيس نَشِيطًا وَإِلا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كسلانا.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (کاتێ یەکێك لە ئێوە ئەخەوێت ئیللا شیطان سێ گرێ ئەدات لە سەری، لەگەڵ هەر گرێدانێکا ئەڵێ شەوێکی درێژت بۆ هەیە [واتە بخەوە خەوێکی قوڵ]، کاتێ ئەو کەسە بەخەبەرهات و یادی الله ـی کرد ئەوکات گرێیەك ئەبێتەوە، وە کاتێ دەسنوێژی هەڵگرت گرێیەکی تر ئەبێتەوە، وە کاتێ نوێژی کرد هەموو گرێکان ئەبنەوە،فەرمووی لەدوای ئەوە نەفسی پاك ئەبێتەوە و چالاك ئەبێت، گەر وانەکات ئەوا نەفسی پیس ئەبێت و تەمبەڵ ئەبێت).

١٨. وَحَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَنِ بْنِ سَعِيدٍ الأَصْبَهَانِيُّ قَالَ حَدَّثنا بَكْرُ - بْنُ بَكَّارٍ قَالَ حَدَّثنا قُرَّةُ عَنْ عَطِيَّةَ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ - قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا أَحَدٌ يَنَامُ إِلا ضُرِبَ عَلَى سِمَاخِهِ بِجَرِيرٍ مُعْقَدٍ فَإِنِ اسْتَيْقَظَ وَذَكَرَ اللَّهَ حُلَّتْ عُقْدَةٌ فإن استيقظ توضأ حُلَّتْ عُقْدَةٌ أُخْرَى فَإِنْ قَامَ يُصَلِّي حُلَّتِ الْعُقَدُ كُلُّهَا فَإِنْ هُوَ لَمْ يَسْتَيْقِظْ وَلَمْ يَتَوَضَّأْ وَلَمْ يُصَلِّ أَصْبَحَتِ الْعُقَدُ كُلُّهَا كَهَيْئَتِهَا وَبَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنِهِ .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هیچ کەسێ ناخەوێ ئیللا ئەوکاتە ئەدرێ لە کوونی گوێی بە پەتێکی گرێدراو، ئەگەر هەڵسا لەخەو یادی الله ـی کرد گرێیەك ئەبێتەوە، وە ئەگەر هەڵسا لەخەو و دەسنوێژی گرت گرێیەکی تر ئەبێتەوە،و ئەگەر هەڵسا نوێژی کرد ئەوکات هەموو گرێکان ئەبنەوە، وە ئەگەر هەڵنەسا لە خەو و دەسنوێژی نەگرت و نوێژی نەکرد هەمووگرێکان لەسەرشێوەی خۆیان ئەمێننەوەو شیطان میز ئەکاتە گوێچکەکانییەوە) .

١٩. حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ قَالَ حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الدَّوْرَقِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ عَنِ ابْنِ عَجْلانَ حَدَّثَنِي الْقَعْقَاعُ بْنُ حَكِيمٍ عَنْ أَبِي صَالِحٍ

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ - قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَحِمَ اللَّهُ رَجُلا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّى وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ فَصَلَّتْ فَإِنْ أَبَتْ نَضَحَ فِي وَجْهِهَا مِنَ الْمَاءِ وَرَحِمَ اللَّهُ امْرَأَةً قَامَتْ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّتْ ثُمَّ أَيْقَظَتْ زَوْجَهَا فَإِنْ أَبَى نَضَحَتْ فِي وَجْهِهِ مِنَ الْمَاءِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الله ڕەحم بە پیاوێك بكات كە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەكات و خێزانەكەشی هەڵدەستێنێ، گەر مایەوە و هەڵنەستا ئەوا ئاو دەكا بە ڕووخساریدا، وە ڕەحمەتی الله لەو ئافرەتەی كە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەكات، لەپاشان مێردەكەی هەڵدەستێنێ گەر مایەوە و هەڵنەستا ئەوا ئاو دەكا بە ڕووخساریدا) .

[والله اعلم وەك پرژاندنی كەمێك ئاو بەڕووخساری بۆ ئەوەی هەڵسێت]

٢٠. وحَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ مُوسَى الْجَوْزِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا الْعَبَّاسُ بْنُ مُحَمَّدٍ الدُّورِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ مُوسَى قَالَ حَدَّثَنَا شَيْبَانُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ عَلِيِّ بْنِ الأَقْمَرِ عَنِ الأَغَرِّ أَبِي مُسْلِمٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنِ اسْتَيْقَظَ مِنَ اللَّيْلِ وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ فَصَلَّيَا رَكْعَتَيْنِ جَمِيعًا كُتِبَا مِنَ الذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەرکەسێ هەڵسێ لەشەو و ئەهلەکەشی هەڵسێنێ، گشتیان دوو ڕکعات بکەن ئەوا لەو کەسانە دەنوسرێن کە زیکری الله زۆر دەکەن لەپیاوان و ئافرەتان).

٢١. وَأَخْبَرَنَا حَامِدُ بْنُ شُعَيْبٍ الْبَلْخِيُّ قال حدثنا أبو عمر المقري قَالَ حَدَّثَنَا سُنَيْدُ بْنُ دَاوُدَ عَنْ يُوسُفَ بْنِ مُحَمَّدِ - بْنِ الْمُنْكَدِرِ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمَانَ بْنِ دَاوُدَ يَا بُنَيَّ لا تُكْثِرِ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ فَإِنَّ كَثْرَةَ النَّوْمِ بالليل يترك الرَّجُلَ فَقِيرًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (أم سليمان بن داود وتی : ئەی کوڕی خۆم زۆر نەخەویت لەشەودا، چونکە بەڕاستی زۆر خەوتن لەشەودا پیاو بە هەژاری جێدێڵێت لە قیامەتدا).

٢٢. حَدَّثَنَا أَبُو سَعِيدٍ الْمُفَضَّلُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْجَنَدِيُّ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ قَالَ حَدَّثَنَا صَامِتُ بْنُ مُعَاذٍ قَالَ قَرَأْنَا عَلَى أَبِي قُرَّةَ مُوسَى بْنِ طَارِقٍ قَالَ ذَكَرَ زرعة بْنُ صَالِحٍ عَنْ زِيَادِ بْنِ سعد عن أبان - ابن أَبِي عَيَّاشٍ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا صَلَّى حَتَّى يُدْرِكَهُ النُّعَاسُ وَهُوَ سَاجِدٌ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُبَاهِي بِهِ الْمَلائِكَةَ يَقُولُ انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي نَفْسُهُ عِنْدِي وَجَسَدُهُ فِي طَاعَتِي.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بەڕاستی بەندە کاتێ نوێژ دەکات تاوەکو خەو دەیباتەوە ئەویش لە سوجدە دایە ئەوا الله عَزَّ وَجَلَّ شانازی ئەکات بەبەندەکەی لەلای فریشتەکانی و دەفەرموێت : سەیری بەندەکەم بکەن، نەفسی لای منە، وە جەستەشی لە گوێڕایەڵی کردنی منە).

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ: فِيمَا ذَكَرْتُهُ وَاخْتَصَرْتُهُ بَلاغٌ لِمَنْ مَنَعَ نَفْسَهُ لَذَّةَ النَّوْمِ فَآثَرَ الْقِيَامَ وَرَاوَحَ بَيْنَ الأَقْدَامِ وَتَنَعَّمَ بِتِلاوَةِ الْقُرْآنِ يَرْجُو بِذَلِكَ رِضَى الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ. فَلَوْ شَهِدْتَهُ يَا أَخِي فِي اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ فَقَلْبُهُ لِمَا يَتْلُو مِنَ الْقُرْآنِ مُتَدَبِّرٌ وَبِأَمْثَالِهِ مُعْتَبِرٌ وَفِيمَا حَكَى مُتَفَكِّرٌ وَبِالْوَعْدِ وَالْوَعِيدِ لِنَفْسِهِ مُذَكِّرٌ، فَالْقَلْبُ مِنْ ذِكْرِ الْمَوْتِ خَائِفٌ مُقْلَقٌ وَلِمَا عَمِلَ مِنَ الْحَسَنَاتِ مُشْفِقٌ، فَالاسْتِغْفَارُ شِعَارُهُ وَهُجُومُ الظَّلامِ سُرُورُهُ وَحُسْنُ الظَّنِّ بِاللَّهِ الْكَرِيمِ آمَالُهُ وَاللَّهُ وَلِيُّ التَّوْفِيقِ.

محمد ابن الحسين وتی: ئەوەی کە باسم کرد و پوختم کردەوە، ڕاگەیاندنێکە دەربارەی ئەو کەسەی کە چێژی خەوتن لە نەفسی خۆی مەنع دەکات و هەڵسان هەڵدەبژێرێت، و هەرجارێك لەسەر قاچێکی ئەوەستێت، وە نیعمەت دراون بە خوێندنەوەی قورئان و بەم کارانەش ئومێدی ڕازیبوونی الرحمن دەکات، و براکەم کاتێك ببینیت لەشەوی تاریکا، دڵی تەدەبوور و تێڕامانکارە لە قورئان، و بەنمونە و پەندەکانی قورئان پەندوەرگرە، وە بیرکەرەوەیە لەو

قسانەی ئەیڵێت،وە بیرهێنەرەوەیە بۆ نەفسی لە بەڵێنە دڵخۆشکەر و هەڕەشەکانی نێو قورئان، چونکە دڵ لە کاتی یادی مردن دەترسێت و لە دڵەڕاوکێدایە، وە لەو کارە چاکانەی کردوویەتی دەترسێت، و داوای لێخۆشبوون کردن شیعاریەتی، و هێرشبردنی تاریکی شەو دڵخۆشییەتی، و گومانی باشبردن بەپەروەردگاری هیوا و ئومێدیەتی، والله ـش پشتیوانی سەرکەوتنە

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ: بَلَغَنِي عَنْ شَيْخٍ مِنَ الْمُتَعَبِّدِينَ أَنَّهُ كَانَ لَهُ وِرْدٌ مِنَ اللَّيْلِ يَقُومُهُ فَفَتَرَ عَنْ وِرْدِهِ ذَاتَ لَيْلَةٍ قَالَ فَإِذَا أَنَا بِجَارِيَةٍ قَدْ وَقَفَتْ عَلَى رَأْسِي كَأَنَّ وَجْهَهَا قَمَرٌ وبيدها رق وفيه مكتوب فقال أَيُّهَا الشَّيْخُ أَتَقْرَأُ قُلْتُ نَعَمْ قَالَتِ اقْرَأْ مَا فِي هَذَا فَأَخَذْتُهُ فَقَرَأْتُهُ فَإِذَا فِيهِ :

أَلْهَتْكَ لَذَّةُ نَوْمَةٍ عَنْ خَيْرِ عَيْشٍ ... مَعَ الْخَيِّرَاتِ فِي غُرَفِ الْجِنَانِ

تَعِيشُ مُخَلَّدًا لا مَوْتَ فِيهَا ... وَتَنْعُمُ فِي الْجِنَانِ مَعَ الْحِسَانِ

تَيَقَّظْ مِنْ مَنَامِكَ إِنَّ خَيْرًا ... مِنَ النَّوْمِ التَّهَجُّدُ بِالْقُرْآنِ

قَالَ فَمَا ذَكَرْتُهَا سَاعَةً إِلا ذَهَب عَنِّي النَّوْمُ .

محمد ابن الحسين وتی: پێم گەیشتووە لە شێخێکی خواپەرستان، کە ئەو کاتێکی دیاریکراو لەشەو هەڵئەسا شەونوێژی ئەکرد، بەڵام شەوێکیان کەمتەرخەمی کرد لەمەدا، وتی : جاریەیەکم بینی لەژێر سەرم ڕووخساری وەك مانگ وابوو، و لەناو دەستیا پەڕەکی سپی پێبوو وتی ئەی شێخ دەخوێنیتەوە؟ وتم بەڵێ، وتی : ناو ئەم پەڕەیە بخوێنەرەوە؟ وتی : خوێندمەوە و بینیم تیای نوسرابوو:

سەرقاڵی کردیت چێژی خەوتن لە باشترین ژین

لەگەڵ چاکترینەکان لە ژوورەکانی بەهەشت

بۆ هەمیشە تیای ئەژیت مردنی تیانییە

وە لەبەهەشتا بەهەرەوەر ئەبیت لەگەڵ حۆریە زۆرجوانەکان

هەڵسە لەخەوەکەت، باشتر لەخەوەکەت کۆششکردنە بۆ قورئان

وتی : هەرکاتێ بیرم هاتباوە ئیللا خەوم لێ دەڕۆیشت.

باب فيمن ذكر له ورد من الليل يقومه فشغله عنه مرض أو عذر ونام عنه ومن نيته القيام

(دەروازەیەك دەربارەی ئەوكەسەی پشكێكی هەبووە لە هەڵسان لەشەودا، بەڵام نەخۆشیی یان عوزرێك سەرقاڵی كرد یاخود خەوی لێكەوت لەكاتێكا ئەو نیەتی هەڵسانەوەی هەبووە)

٢٣. حَدَّثَنَا أَبُو الْعَبَّاسِ أَحْمَدُ بْنُ سَهْلٍ الْأُشْنَانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ بْنِ أَبَانٍ الْكُوفِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ الْجُعْفِيُّ عَنْ زَائِدَةَ بْنِ قُدَامَةَ عَنْ سُلَيْمَانَ الأَعْمَشِ عَنْ حَبِيبِ بْنِ أَبِي ثَابِتٍ عَنْ عَبْدَةَ بْن أَبِي لُبَابَةَ عَنْ سُوَيْدِ بْنِ غَفْلَةَ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَنْ أَتَى فِرَاشَهُ وَهُوَ يَنْوِي أَنْ يَقُومَ فَيُصَلِّيَ مِنَ اللَّيْلِ فَغَلَبَتْهُ عَيْنُهُ حَتَّى يُصْبِحَ كُتِبَ لَهُ مَا نَوَى وَكَانَ نَوْمُهُ صَدَقَةً عَلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەرکەسێ چووە سەرجێگاکەی و نیەتی وابوو شەو هەڵسێ شەونوێژبکات، بەڵام چاوەکانی خەوبردییەوە هەتا بەیانی دادێت،ئەوکات پاداشتی بۆ ئەوەی بۆ ئەنووسرێت کە نیەتی هەبووە بیکات، وە خەوەکەی بۆی دەبێتە چاکە لەلایەن الله عَزَّ وَجَلَّ).

٢٤. حَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدٍ يَحْيَى بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ يُوسُفَ الْحَرَّانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ بْنِ أَبِي دَاوُدَ الْحَرَّانِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ الرَّازِيُّ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ - عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ عَنِ الأَسْوَدِ بْنِ يَزِيدَ عَنْ عَائِشَةَ رَحِمَهَا اللَّهُ قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ كَانَ لَهُ صَلاةٌ

يُصَلِّيهَا مِنَ اللَّيْلِ فَنَامَ عَنْهَا كَانَ ذَلِكَ صَدَقَةً تَصَدَّقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهِ وَكَتَبَ لَهُ أَجْرَ صَلاتِهِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەر کەسێك ڕاهاتبێت شەوانە شەونوێژ بکات، بەڵام خەوی لێکەوت لەسەری ئەوا الله عَزَّ وَجَلَّ بۆی ئەکاتە صەدەقەیەك لەسەری، وە پاداشتی نوێژەکەشی بۆ دەنوسرێت).

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ: (هذا والله أعلم على قدرِ شدَّة الأسَفِ على ما فاته من ليلته كَيف شُغِلَ عنها حتى فاته القيام ؟ فقد أخذ نفسه بالتّحَرُّز فيما يستقبل خوفاً أن يفوته وردة ثانية).

محمد ابن الحسين وتی :ئەمە وە الله زاناترە لەسەر زۆری داخی بۆ فەوتاندنی لە شەوەکاندا چۆن لێی مەژغوڵ بوو تاوەکو هەڵسانی لەدەست چوو ؟ هەتا وایلێهات لەنەفسیدا زۆر چاودێری و خۆپارێزی دەکرد لەوشتانەی دەهاتە پێشییەوە لەترسی ئەوەی جارێکی تر ئەو هەڵسانەی بەشەوان لەدەست بچێت.

٢٥. حَدَّثَنَا أَبُو الْفَضْلِ الْعَبَّاسُ بْنُ وسف الشكلي قال حدثنا مُحَمَّدُ بْنُ مَنْصُورٍ الزَّاهِدُ قَالَ كَانَ لِسَعْدِ بْنِ يَزِيدَ وِرْدٌ مِنَ اللَّيْلِ يَقُومُهُ فَفَتَرَ عَنْ وِرْدِهِ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَأَصْبَحَ حَزِينًا وَأَنْشَأَ يَقُولُ:

أَلا فِي سَبِيلِ اللَّهِ عُمْرٌ رَزَيْتُهُ ... وَطُولُ لَيَالٍ فَاتَ مِنْهَا نَعِيمُهَا

أَأَعْبُرُ أَيَّامِي فَمَا أَسْتَطِيعُهَا ... ... وَتَذْهَبُ عَيْنِي لَيْلَةً لا أَقُومُهَا

وَتَنْقَطِعُ الدُّنْيَا وَيَذْهَبُ عَيْشُهَا ... وَيَغْتَنِمُ الْخَيْرَاتِ مِنْهَا حَكِيمُهَا

أُعَاوِدُ جَهْلا بَعْدَ خَيْرٍ وَصَبْوَةٍ ... تَمُرُّ بِأَيَّامِي فَتَبْقَى رُسُومُهَا

محمد ابن منصور ـی زاهد وتی: سعدی کوڕی زید شەوانە بەشێك شەونوێژکردنی هەبوو ئەیکرد، بەڵام شەوێکیان کەمتەرخەمی کرد و نەیکرد، بۆیە غەمباربوو و ئەم شعرەی داڕشت :

لەپێناوی الله ـدا تەمەنێکم تووشی موصیبەت کرد

وە نیعمەتی شەوانێکی درێژ لەدەست چوو

ئایا ڕۆژەکانم ببڕم ؟ ناتوانم

چاوەکانم ئەڕۆن شەوێك هەڵنەسم بۆ شەونوێژ

دونیا ئەبڕێت و ژینەکەی ئەڕوات

وە كەسە داناكان خێرەكانى بەغەنيمەت ئەگرن

دووبارەى هەوڵئەدەمەوە لەدواى خێر بەنەزانيى و هەرزەييەك

بەرۆژەكانمدا تێئەپەڕێ و شوێنەوارەكانى ئەمێنێتەوە

٢٦. حدثنا أبو الفضل الشكلي أبيضا قَالَ لِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ العزيز السائح قال حدثنا أَبِي قَالَ كَانَ فَتًى مِنَ الْمُتَعَبِّدِينَ لَهُ وِرْدٌ مِنَ اللَّيْلِ يَقُومُهُ فَفَتَرَ عَنْ وِرْدِهِ ذَلِكَ، قَالَ فَبَيْنَمَا أَنَا ذَاتَ لَيْلَةٍ رَاقِدٌ رَأَيْتُ فِي مَنَامِي كَأَنَّ فَتًى وَقَفَ عَلَيَّ فَقَالَ لِي:

تَيَقَّظْ لِسَاعَاتٍ مِنَ اللَّيْلِ يَا فَتًى ... لَعَلَّكَ تُحْبَى فِي الْجِنَانِ بِحُورِهَا

فَتَنْعَمُ فِي دَارٍ يَدُومُ نَعِيمُهَا ... مُحَمَّدٌ فِيهَا وَالْخَلِيلُ بِدُورِهَا

فَقُمْ فَتَيَقَّظْ سَاعَةً بَعْدَ سَاعَةٍ ... عساك تفضي مَا بَقِيَ مِنْ مُهُورِهَا

محمد بن عبدالعزيز السائح وتى: باوكم بۆى گێڕاينەوە وتى: گەنجێك لە خواپەرستان هەموو شەوێك هەڵدەستا شەوێكيانى لەدەست چوو.

وتى : لەوكاتى من لەوشەوەدا ڕاكشام و خەوتم، لەخەونمدا بينيم وەك ئەوەى گەنجێك لەسەرم وەستابێت و پێمى وت :

هەڵسە بۆ چەند كاتژمێرێك لەشەودا ئەى گەنجەكە

بەڵکو لەبەهەشتدا دەورت بدریێت بە حۆریەکان

چێژ وەربگریت لەماڵێکدا کە هەتا هەتاییە نیعمەتەکەی (مەبەستی بەهەشتە)

کە پێغەمبەر محمد ﷺـی لێیە و خۆشەویستانی لەدەورینە

ڕاوستە و هەڵسە لەخەو سەعات لەدوای سەعات

بەڵکو بەفەرمانی ئەو لەوەی ماوەتەوە پێتی بدات

٢٧. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ بْنُ عَقِيلِ بْنِ عِيسَى الأَصْبَهَانِيُّ قَالَ حَدَّثَنِي أَحْمَدُ بن عبد الرحمن - ابن سَلامٍ قَالَ حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ عِيسَى بْنِ ضِرَارٍ السَّعْدِيُّ عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ سَلْمَانَ الْعَابِدِ وَكَانَ يَرَى الآيَاتِ وَالأَعَاجِيبَ قَالَ حَدَّثَنِي مُطَهِّرٌ السَّعْدِيُّ وَكَانَ قَدْ بَكَى شَوْقًا إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ سِتِّينَ عَامًا قَالَ :رَأَيْتُ كَأَنِّي عَلَى ضَفَّةِ نَهْرٍ يَجْرِي بِالْمِسْكِ الأَذْفَرِ حَافَّتَاهُ لُؤْلُؤٌ وَنَبْتٌ مِنْ قُضْبَانِ الذَّهَبِ فَإِذَا أَنَا بِجَوَارٍ مُزَيَّنَاتٍ - يَقُلْنَ بِصَوْتٍ وَاحِدٍ :

سُبْحَانَ الْمُسَبَّحِ بِكُلِّ مَكَانٍ سُبْحَانَهْ

وَسُبْحَانَ الْمُوَحَّدِ بِكُلِّ مَكَانٍ سُبْحَانَه

سُبْحَانَ الدَّائِمِ فِي كُلِّ الأَزْمَانِ سُبْحَانَهْ

فَقُلْتُ مَنْ أَنْتُنَّ؟ فَقُلْنَ نَحْنُ خَلْقٌ مِنْ خَلْقِ الرَّحْمَنِ سبحانه، فقلت فما تصنعن ها هنا؟ فَقُلْنَ:

ذَرَأَنَا إِلَهُ النَّاسِ رَبُّ مُحَمَّدٍ ... لِقَوْمٍ عَلَى الأَطْرَافِ بِاللَّيْلِ قُوَّمْ

يُنَاجُونَ رَبَّ الْعَالَمِينَ إِلَهَهُمْ ... فَتَسْرِي هُيُومُ الْقَوْمِ وَالنَّاسُ نُوَّم

قُلْتُ بَخٍ بَخٍ فَهَؤُلاءِ مِنْ هَؤُلاءِ قَدْ أَقَرَّ اللَّهُ الْكَرِيمُ أعينهم بكن، قلن أو ما تَعْرِفُهُمْ؟ قُلْتُ لا وَاللَّهِ مَا أَعْرِفُهُمْ، قُلْنَ بَلَى هَؤُلاءِ الْمُتَهَجِّدُونَ أَصْحَابُ السَّهَرِ بِالْقُرْآنِ .

له عبدالعزيز بن سلمان ـی خواپەرست كە ئايەت و شتی سەیروسەمەرەی ئەبینی، وتی :سعدی بۆ ماوەی شەست ساڵ گریا لەپەرۆشیی بۆ دیداری الله عَزَّ وَجَلَّ وتی : خۆم بینی لەسەر لێواری ڕووبارێك لە میسكی بۆن خۆش و ڕۆخەكانی لە مرواری و میوە كە لقەكانیان لە زێڕ بوو، وە منیش لەپاڵ ئافرەتانێكی ڕازاوەبووم به یەك دەنگ دەیانوت :

پاك و بێگەردیی بۆ ئەو زاتەی تەسبیحات

دەكرێ لەهەموو شوێنێك پاك و بێگەردیی

پاك و بێگەردیی بۆ بە تاك ڕاگیراو لەهەموو شوێنێك پاك و بێگەردیی

پاك و بێگەردیی بۆ ئەو زاتەی بەردەوامە و هەیە لەهەمووكاتێك پاك و بێگەردیی

وتم : ئێوە كێن؟

وتیان : ئێمە درووستكراوانێكین لە درووستكراوەكانی الرحمن سبحانە.

وتم : ئەی چی دەكەن لێرە ؟

وتیان : ئێمەی درووستكردووە پەرستراوی خەڵكی پەروەردگاری محمد

بۆ قەومانێك كە لەدەوری شەودا هەڵدەستن

بانگی پەروەردگاری جیهانیان دەكەن پەرستراوەكەیان

قەومانێك بە شڵەژاوی شەوڕەویی دەكەن كەچی خەڵكی نوستون

وتم : بخ بخ (ئەمە دەنگێكە لەكاتی سەرسامی) كەواتە ئەمانە لەوانەن كە الله ـی بەخشندە چاوی ڕوونكردوونەتەوە بەئێوە

وتیان : مەگەر ئەیانناسی؟

وتم : نەخێر والله نایانناسم.

وتیان :بەڵێ ئەیانناسیت، ئەوانە كۆششكەرانن ،ئەهلی شەونخونیكارانن بە قورئان.

٢٨.حَدَّثَنَا ابْنُ مَخْلَدٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ قَالَ حَدَّثَنَا أَحْمَدُ قَالَ حَدَّثَنَا يُونُسُ بْنُ يَحْيَى الْمَدَنِيُّ عَنِ الْمُنْكَدِرِ بْنِ مُحَمَّدِ - بْنِ الْمُنْكَدِرِ عَنْ أَبِيهِ أَنَّ تَمِيمًا الدَّارِيَّ نَامَ لَيْلَةً لَمْ يقم يتهجد فيها فقام لَمْ يَنَمْ فِيهَا وَلَمْ يَغْمُضْ لِلَّذِي صَنَعَ .

تميمی داری شەوێکیان خەوت و هەڵنەستا لەو شەوەدا کۆشش بکات، ساڵێك بەردەوام هەڵسا و هیچ نەخەوت، و چاوی دانەخست لەو کارەی کردوویەتی.

٢٩. وَحَدَّثَنَا ابْنُ مَخْلَدٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ حَسَّانِ بْنِ فَيْرُوزَ الأَزْرَقُ قَالَ حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ قَالَ حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ يَزِيدَ بْنِ جَابِرٍ قَالَ كُنَّا نُغَازِي مَعَ عَطَاءٍ الْخُرَاسَانِيِّ فَكَانَ يُحْيِي اللَّيْلَ صَلاةً - فَإِذَا مَرَّ مِنَ اللَّيْلِ ثُلُثُهُ أَوْ أَكْثَرُ نَادَانَا وَنَحْنُ فِي فَسَاطِيطِنَا :يَا عَبْدَالرَّحْمَنِ بْنَ يَزِيدَ وَيَا يَزِيدُ بْنَ يَزِيدَ وَيَا هِشَامُ بْنَ الْغَازِ قوموا فتوضؤوا وَصَلُّوا فَقِيَامُ هَذَا اللَّيْلِ وَصِيَامُ هَذَا النَّهَارِ أَيْسَرُ مِنْ مُقَطَّعَاتِ الْحَدِيدِ وَشَرَابِ الصَّدِيدِ، الْوَحَاءَ الْوَحَاءَ النَّجَاءَ النَّجَاءَ، ثُمَّ يُقْبِلُ عَلَى صَلاتِهِ.

عبدالرحمن بن یزید بن جابر وتی: (لەگەڵ عطاء ـی خۆراسانیی لە غەزوەدا بووین، شەوی زیندوو دەکردەوە بە نوێژ، هەرکاتێك سێیەکی شەو یان زیاتری تێپەڕیبا بانگی دەکردین لەنێو ماڵەکانمان

بووین، ئەی عبدالرحمن ی کوڕی یزید، ئەی یزیدی کوڕی یزید، ئەی هشام ـی کوڕی الغاز، هەڵسن لەخەو دەستنوێژ بشۆرن و نوێژبکەن، چونکە نوێژی ئەم شەوانە و ڕۆژووی ئەم ڕۆژانە ئاسانتر نییە لە پارچە ئاسنەکان و ئاوی کێم و زووخاو، خێراکەن خێراکەن، پەلەبکەن لە ڕۆیشتن، پاشان دەچوو بەرەو ڕووی نوێژەکەی).

٣٠. حَدَّثَنَا أَبُو الْفَضْلِ الشِّكْلِيُّ قَالَ سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ مُوَفَّقٍ يَقُولُ قَالَ دَاوُدُ بْنُ رُشَيْدٍ :كَانَ فَتًى مِنَ الْمُتَعَبِّدِينَ لَهُ وِرْدٌ مِنَ اللَّيْلِ فَأَجْنَبَ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَقَامَ وَاغْتَسَلَ وَالْمَاءُ بَارِدٌ فَاشْتَدَّ عَلَيْهِ فَبَكَى، فَنُودِيَ :أَنَمْنَاهُمْ فَأَقَمْنَاكَ وَتَتَبَاكَى عَلَيْنَا، أَوْ كَمَا قَالَ أَبُو الْفَضْلِ.

داود بن رشید وتی: گەنجێك لە خواپەرستان شەوانە هەڵئەستا، لەو شەوەدا تووشی جەنابەت هات، هەڵسا و خۆی شوشت وە ئاوەکە سارد بوو، قورس بوو لەسەری بۆیە گریا، بانگی لێکرا : ئەوانمان خەواند و تۆمان هەڵساند، تۆش ئێستا دەگری؟

باب ذكر ما يستحب أن يفعله القائم المتهجد

(دەروازەیەك كە باسی ئەوكەسەی هەڵدەستی بۆ كۆشش چ كارێك خۆشەویستە بیكات)

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ :أُحِبُّ لِمَنْ أَرَادَ الْقِيَامَ مِنَ النَّوْمِ لِلتَّهَجُّدِ أَنْ يَتَسَوَّكَ وَأَنْ يَتَطَهَّرَ وَإِنْ أَمْكَنَهُ أَنْ يَتَطَيَّبَ فَلْيَفْعَلْ وَيَذْكُرَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَيُمَجِّدَهُ وَيَحْمَدَهُ بِمَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَذْكُرُهُ وَيَفْعَلُهُ عِنْدَ الْقِيَامِ مِنْ مَنَامِهِ وَيَحْفَظَهُ فَإِنَّهُ بَابٌ شَرِيفٌ حَسَنٌ لِمَنْ وَفَّقَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ لَهُ .

محمد ابن الحسين وتى: (پێم خۆشە ئەوەی دەیەوێت هەڵسێت لەخەو بۆ کۆشش ئەوا سیواك بکات و خۆی پاك بکاتەوە، وە گەر لەتوانایدا هەبوو خۆی بۆنخۆش بکات ئەوا با بیکات، وە یادی الله عَزَّ وَجَلَّ بکات و شکۆداری بکات وە سوپاسی ئەو بکات بەوشێوەیەی کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە و کردوویەتی لەکاتی هەڵسانی لەخەودا، وە لەبەری بکات، چونکە دەرگایەکی گەورە و چاکە بۆ ئەو کەسەی الله عَزَّ وَجَلَّ تەوفیقی داوە، ئاسانە بۆ هەرکەسێ کە الله لەسەری ئاسان دەکات).

٣١. حَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدٍ يَحْيَى بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْجَبَّارِ بْنُ الْعَلَاءِ وَأَبُو عُبَيْدِ اللَّهِ الْمَخْزُومِيُّ وَإِبْرَاهِيمُ بْنُ سَعِيدٍ الْجَوْهَرِيُّ وَالْحَسَنُ بْنُ الصَّبَّاحِ وَغَيْرُهُمْ وَاللَّفْظُ لِعَبْدِ الْجَبَّارِ قَالَ :حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ قَالَ حَدَّثَنَا

عَاصِمٌ الأَحْوَلُ عَنْ طَاوُسٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ يَتَهَجَّدُ قَالَ :اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السماوات وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ وَلَكَ الْحَمْدُ أنت قيم السماوات وَالأَرْضِ وَمَنْ بَيْنَهُنَّ وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ الْحَقُّ - وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ وَمُحَمَّدٌ حَقٌّ اللَّهُمَّ بِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ وَبِكَ خَاصَمْتُ وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ وَلا إِلَهَ غَيْرُكَ.

ابن عباس (رضي الله عنهمــا) وتى: (پێغەمبەر ﷺ ئەگەر هەڵسا لەشەودا، تێدەكۆشى و وتى) :ئەى پەروەردگارا سوپاس و ستايش بۆتۆيە تۆ نورى ئاسمانەكان و زەويەكان وە ئەوەى لەنێويشياندايە، وە سوپاس و ستايش بۆتۆيە تۆ بەهێزى ئاسمانەكان و زەوى وە ئەوەى لە نێوانيشياندايە، وە سوپاس بۆ تۆيە تۆ حەقى، وە ليقات حەقە، و محمد حەقە، ئەى پەروەردگارا باوەڕم بەتۆ هێناوە، وە خۆم تەسليم تۆ كردووە، وە پشتم بەتۆ بەستووە، كاروبارم بۆ لاى تۆ دێنمەوە، وە حوكم هەر بۆلاى تۆ دێنم، لێم خۆشبە لەوەى ئێستام وپێشوو، وە هەرچى نهێنى و ئاشكرايە، هەر تۆ پێشخەر و دواخەرى، هيچ پەرستراوێك نيە بەحەق جگە لەتۆ).

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ :يَنْبَغِي لِمَنْ كَانَ لَهُ حَظٌّ مِنْ قِيَامِ اللَّيْلِ أَنْ يَحْفَظَ هَذَا، وَإِنَّمَا أَحُثُّهُ عَلَى حِفْظِهِ لِيَسْتَعْمِلَهُ، وَكَذَا يَنْبَغِي لِكُلِّ مُسْلِمٍ أَنْ يَحْفَظَهُ مِمَّنْ لا حظَّ لَهُ فِي قِيَامِ اللَّيْلِ فَيَدْعُوَ بِهِ رَجَاءَ أَنْ يُوَفِّقَهُ مَوْلاهُ الْكَرِيمُ لِقِيَامِ اللَّيْلِ إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى .

محمد ابن الحسين وتى :پێویستە لەسەر هەر کەسێ پشکێك لەهەڵسانی شەوانی هەیە ئەمە لەبەربکات، بۆیە سووردەبم لەسەر ئەو کەسە لەبەریبکات هەتا بەکاری بهێنێت، بەهەمان شێوە پێویستە لەسەر هەر مسوڵمانێك کە هیچ پشکێکی نییە لە هەڵسانی شەو لەبەریبکات، وە دوعای پێبکات بەئومێدی ئەوەی کە اللە ـی بەخشندە تەوفیقیان بدات بۆ هەڵسان لەشەودا ان شاءالله تعالی .

٣٢. حَدَّثَنَا الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ قَالَ حَدَّثَنَا هُشَيْمُ بْنُ بَشِيرٍ قَالَ حَدَّثَنَا حُصَيْنٌ عَنْ أَبِي وَائِلٍ عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ لِلتَّهَجُّدِ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ .

حذيفة (رضي الله عنه) وتی: (پێغەمبەر ﷺ کاتێ هەڵدەستا بۆ کۆشش ئەوا سیواکی بەدەمی دەیهێنا و دەیبرد .

٣٣. وَحَدَّثَنَا الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنا مُحَمَّدُ بْنُ بَشَّارٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ مَهْدِيٍّ قَالَ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ عَنِ الأَعْمَشِ وَمَنْصُورٍ وَحُصَيْنٍ عَنْ أَبِي وَائِلٍ عَنْ حُذَيْفَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ يَتَهَجَّدُ يَشُوصُ فَاهُ بالسواك.

به سەنەدێکی ترەوە گێڕدراوەتەوە لە، حذيفة (رضي الله عنه) وتی: (پێغەمبەر ﷺ کاتێ هەڵدەستا بۆ کۆشش ئەوا سیواکی بەدەمی دەیهێنا و دەیبرد.

٣٤. حدثنا الفيريابي قَالَ حَدَّثَنَا حَبِيبُ بْنُ سَعِيدٍ قَالَ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ عن الحسن بن عبيد اللَّهِ النَّخَعِيّ عَنْ سَعْدِ بْنِ عُبَيْدَةَ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيّ أَنَّ عَلِيًّا رَضِيَ اللَّهُ عَنْه كَانَ يَحُثُّ عَلَيْهِ - وَيَأْمُرُ بِهِ يَعْنِي السِّوَاكَ، وَقَالَ إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا قَامَ يُصَلِّي دَنَا الْمَلَكُ مِنْهُ فَيَسْتَمِعُ الْقُرْآنَ فَمَا يَزَالُ يَدْنُو حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ، فَمَا يَلْفِظُ مِنْ آيَةٍ إِلا دَخَلَتْ جَوْفَهُ.

علي (رضي الله عنه) بەردەوام بوو لەسەری وە فەرمانی پێ دەکرد. (واتە بەسیواك کردن)، وە وتی: (بەڕاستی پیاو کاتێ هەڵدەستێ بۆ نوێژ فریشتە لێی نزیك دەبێتەوە، گوێ لە قورئان دەگرێت هیچ شتێك لەنێوانیان نامێنێ تاکو دەمی دەکەوێتە سەری، هیچ ئایەتێك ناڵێت ئیللا دەچێتە ناوەوەی).

٣٥. وَحَدَّثَنَا الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ قَالَ حَدَّثَنَا جَرِيرٌ وَوَكِيعٌ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ سَعْدِ بْنِ عُبَيْدَةَ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيِّ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْه قَالَ إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ فَلْيَتَسَوَّكْ فَإِنَّهُ إِذَا قَرَأَ الْقُرْآنَ دَنَا الْمَلَكُ مِنْهُ ثُمَّ لَمْ يَزَلْ يَدْنُو حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ.

علي بن ابي طالب (رضي الله عنه) وتى: (ئەگەر یەکێك لەئێوە هەڵستان لەشەودا ئەوا با سیواك بکات، لەبەرئەوەی کاتێ قورئان دەخوێنێتەوە فریشتە لێی نزیك دەبێتەوە، هەر لێی نزیك ئەبێتەوە تاکو دەمی دەخاتە سەر دەمی).

٣٦. حَدَّثَنَا الْفِرْيَابِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ قَالَ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ عُقَيْلِ بْنِ خَالِدٍ عَنِ الزُّهْرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا تَسَوَّكَ أَحَدُكُمْ ثُمَّ قَامَ يَقْرَأُ طَافَ بِهِ الْمَلَكُ يَسْتَمِعُ الْقُرْآنَ حَتَّى يَجْعَلَ فَاهُ عَلَى فِيهِ فَلا يُخْرِجُ آيَةً مِنْ فِيهِ إِلا فِي فِي الْمَلَكِ، وَإِذَا قَامَ وَلَمْ يَتَسَوَّكْ طَافَ بِهِ مَلَكٌ وَلَمْ يَجْعَلْ فَاهُ عَلَى فِيهِ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ئەگەر یەکێك لەئێوە سیواکی کرد و دواتریش هەڵستا و قورئان بخوێنێتەوە ئەوا فریشتە بەدەوریا ئەسوڕێتەوە گوێ لەقورئان دەگرێ، تاکو دەمیان دەخەنە سەری،

هیچ ئایەتێك نایەتە دەرەوە لەدەمی ئیللا لە دەمی فریشتەکەیایە، وە گەر هەڵسا و هیچ سیواکی نەکرد ئەوا فریشتە لەدەوریا ئەسورێتەوە، بەڵام دەمی ناخەنە سەری).

٣٧. حدثنا أبو عبد الله ابْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا الْعَبَّاسُ بْنُ مُحَمَّدٍ الدُّورِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ عَوْنٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو عِيسَى عَنْ عَوْنِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ كَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُودٍ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلاةِ تعجبه الرّيح الطيّبة والثوب النّظيف.

عون بن عبدالله وتی: (عبدالله ابن مسعود کاتێ هەڵستایە بۆ نوێژ ئەوا حەزیئەکرد بۆنی خۆش لەخۆی بدات و جلی پاك لەبەربکات).

٣٨. حَدَّثَنَا ابْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا الْعَبَّاسُ الدُّورِيُّ حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ عُمَرَ عَنْ يُونُسَ بْنِ يَزِيدَ قَالَ حَدَّثَنِي مَوْلًى لابْنِ مُحَيْرِيزٍ أَنَّ ابْنَ مُحَيْرِيزٍ كَانَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلاةِ دَعَا - بِغَالِيَةٍ وَضَمَّخَ بِهَا مَا يَرْدَعُ (.. ..) صَلاة بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ.

ابن محیریز کاتێ هەڵدەستا بۆ نوێژ داوای غالية (جۆرێکە لە بۆن کە تێکەڵەیەکە لە میسك زەعفەران و زەیت و عود) ـی دەکرد و خۆی پێ چەوردەکرد و خۆی پێ بۆنخۆش دەکرد هەتا ڕەنگی جلەکانی دەگۆڕا (. . . .) نوێژی نێوان مەغریب و عیشا.

(لەمەتنەکە ئاوا کراوە ئێمەش بۆیە هەر بەوشێوەیە نوسیمان)

٣٩. حَدَّثَنَا ابْنُ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ الْمَرْوَزِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ عَنِ عَامِرٍ - عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الأَسْوَدِ عَنْ أَبِيهِ قَالَ مَا أَتَيْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ إِلا وَجَدْتُهُ يُصَلِّي فَقُلْتُ لَهُ فِي ذَلِكَ فَقَالَ نِعْمَ سَاعَةُ الْقبلَةِ يَعْنِي مَا بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ.

عبدالله بن الأسود له باوكيەوه وتى: (هيچ كاتێ نەچوومە لای عبدالله ابن مسعود لەو كاتەدا ئیللا بینیومە نوێژی دەكرد، دەربارەی ئەمە پێم وت، وتى : بەڵێ كاتى قبوڵ بوون، واتە لەنێوان مەغريب و عيشا) .

٤٠. وَحَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدِ بْنُ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ الْمَرْوَزِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ أَخْبَرَنَا عُمَارَةُ بْنُ زَاذَانَ عَنْ ثَابِتٍ - الْبُنَانِيِّ قَالَ كَانَ أنس بن مالك يصلي ما بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ وَيَقُولُ هَذِهِ نَاشِئَةُ اللَّيْلِ.

له ثابت البناني وتى: (انس بن مالك نوێژی دەكرد لەنێوان مەغريب و عيشا وه دەيوت : ئەمە هەڵسانە لەشەودا) .

٤١. وَحَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدِ بْنُ صَاعِدٍ قَالَ حَدَّثنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ الْمَرْوَزِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ أَخْبَرَنَا مُوسَى بْنُ عُبَيْدَةَ عَنْ أَيُّوبَ - بْنِ خَالِدٍ عَنِ ابن عمر قال من أحيى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ بَعْدَ الْمَغْرِبِ كَانَ كَالْمُعَقِّبِ غَزْوَةً بَعْدَ غَزْوَةٍ.

ابن عمر (رضي الله عنهما) وتى: (هەركەسێ چوار ڕكعات زیندوو بكاتەوە لەدوای مەغریب وەكو كەسێك وایە كە شەڕ لەدوای شەڕ بكات).

٤٢. وَحَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدٍ أَيْضًا قَالَ حَدَّثنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ قَالَ حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ أَخْبَرَنَا مُوسَى بْنُ عُبَيْدَةَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُبَيْدَةَ عَنْ عَبْدِ الله بن عمرو بن العاصي قَالَ - صَلاةُ الأَوَّابِينَ الْخَلْوَةُ الَّتِي بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ حَتَّى يَثُوبَ النَّاسُ إِلَى الصَّلاةِ.

عبدالله بن عمرو بن العاصي (رضي الله عنهما) وتى: (نوێژی تەوبەكاران و خۆپارێزان لەنێوان مەغریب و عیشادایە تا ئەوكاتەی خەڵك جل لەبەردەكەن بۆ نوێژ).

٤٣. وَحَدَّثَنَا أَبُو مُحَمَّدِ بْنُ صَاعِدٍ أَيْضًا قَالَ حَدَّثَنَا الْحُسَيْنُ بْنُ الْحَسَنِ قَالَ حَدَّثَنَا ابْنُ الْمُبَارَكِ قَالَ حَدَّثنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي أَيُّوبَ قَالَ حَدَّثَنَا زَهْرَةُ بْنُ مَعْبَدٍ عَنْ

أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحَبَلِيّ قَالَ إِذَا صَلَّيْتَ الْمَغْرِبَ فَقُمْ فَصَلِّ صَلاةَ رَجُلٍ لا يُرِيدُ أَنْ يُصَلِّيَ تِلْكَ اللَّيْلَةَ، فَإِنْ رُزِقْتَ مِنَ اللَّيْلِ قِيَامًا كَانَ خَيْرًا رُزِقْتَهُ، وَإِنْ لَمْ تُرْزَقْ قِيَامًا كُنْتَ قَدْ قُمْتَ أَوَّلَ اللَّيْلِ.

له أبي عبدالرحمن الحبلي وتى: (ئەگەر نوێژى مغريبت كرد هەڵسە نوێژێك بكە وەك نوێژى پياوێك بكە كە نايەوێت ئەم شەوە نوێژێكى تر بكات،ئەگەر لەشەوەكەدا شەونوێژت پێبەخشرا ئەوا خێرێكە پێت بەخشراوە،وە ئەگەريش پێت نەبەخشرا ئەوا لەسەرەتاى شەوەكەدا شەونوێژت كردووە).

٤٤. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ الْعَطَّارُ قَالَ حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ مَنْصُورٍ الرَّمَادِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ أَبِي حَكِيمٍ الْعَدَنِيُّ قَالَ سَأَلْتُ سُفْيَانَ الثَّوْرِيَّ عَنْ قَوْلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: {لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آناء الليل وهم يسجدون} فحَدَّثَنِي عَنْ مَنْصُورٍ قَالَ بَلَغَنِي أَنَّهُمْ كَانُوا يُصَلُّونَ مَا بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ.

يزيد بن أبي حكيم العدني وتى : پرسيارم كرد لە سوفيانى ثوري دەربارەى ئەم ئايەتە ﴿ ۞ لَيْسُواْ سَوَآءً مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ۝١١٣ ﴾ آل عمران [١١٣]

،پێی گوتم کەپێم گەیشتووە ئەوانەن کە نوێژ دەکەن لەنێوان مەغریب و عیشا.

٤٥. حَدَّثَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَخْلَدٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو زَكَرِيَّا بْنُ بَارِحَةَ قَالَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ الأَنْصَارِيُّ قَالَ - :حَدَّثَنَا سَعِيدٌ عَنْ قَتَادَةَ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ فِي قَوْلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: {تَتَجَافَى جنوبهم عن المضاجع}، قَالَ بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ.

انس بن مالك پێی وتین دەربارەی ئایەتی الله عَزَّ وَجَلَّ : ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ السجدة [١٦]

وتی: لەنێوان مەغریب و عیشا.

٤٦. وحدثنا أبو عبد الله ابْنُ مَخْلَدٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو يَعْلَى زَكَرِيَّا بْنُ يَحْيَى بْنِ خَلادٍ قَالَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَوْنِ بْنِ عُمَارَةَ الْعَبْدِيُّ قَالَ :حَدَّثَنَا مَخْلَدٌ - أَبُو الْهَيْثَمِ الدَّهَّانُ عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا مِنْ صَلاةٍ أَحَبَّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ صَلاةِ الْمَغْرِبِ، خَتَمَ بِهَا نَهَارَهُ

وَاسْتَفْتَحَ بِهَا اللَّيْلَ، لَمْ يَحُطَّهَا عَنْ مُسَافِرٍ وَلا عَنْ مُقِيمٍ، فَمَنْ صَلاهَا ثُمَّ صَلَّى بَعْدَهَا رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يُكَلِّمَ أَحَدًا كُتِبَتَا لَهُ أَوْ رُفِعَتَا لَهُ فِي عِلِّيِّينَ،فَإِنْ صَلَّى بَعْدَهَا أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ مِنْ غَيْرِ أَنْ يُكَلِّمَ جَلِيسًا بَنَى اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ قَصْرَيْنِ مُكَلَّلَيْنِ بِالدُّرِّ وَالْيَاقُوتِ بَيْنَهُمَا مِنَ الْخِيَامِ مَا لا يَعْلَمُ عِلْمَهَا إِلا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَإِنْ صَلاهُمَا سِتَّ رَكَعَاتٍ مِنْ غَيْرِ أَنْ يُكَلِّمَ جَلِيسًا غَفَرْتُ لَهُ ذُنُوبَهُ أَرْبَعِينَ عَامًا .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هیچ نوێژێك نییە خۆشەویستر بێ لای الله عَزَّ وَجَلَّ لە نوێژی مەغریب، کە بەو کۆتایی بەڕۆژ دێنێت، شەوی بەو دەسپێکردووە،لای نەبردووە نەلەسەر گەشتکار نەلەسەر نیشتەجێ،هەرکەسێ بیکات و لەدوای ئەو دووڕکات بکات بێئەوەی قسەلەگەڵ هیچ کەسێك بکات،ئەوا بۆی دەنوسرێت لە علیین (جێگایەکی زۆر بەرزو بڵندە لە بەهەشتدا) یان بۆی بەرز ئەکرێتەوە بۆ علیین، وە ئەگەر لەدوایدا چوارڕکعاتی کرد بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات لەگەڵ ئەوانەی دانیشتوون لەگەڵی، الله تعالی کۆشکێکی لە بەهەشت بۆ درووستدەکات دەبریقێتەوە بەهۆی مەرجان و یاقووتەوە، لەنێوانیاندا لەخێمەکاندا مەگەر تەنها الله عزوجل زانستی هەبێ بزانێت چی تیایە، وە ئەگەر شەش ڕکعاتی کرد بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات لەگەڵ ئەوانەی دانیشتوون لەگەڵی ئەوا چل ساڵ لە گوناهەکانی دەبورێت .

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ :وَأُحِبُّ أَنْ يُدِيمَ الرَّجُلُ عَلَى الصَّلاةِ فِيمَا بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ فَإِنَّهُ يُقَالُ إِنَّهَا [.. .. ..] اللَّه عَزَّ وَجَلَّ فِي الْقُرْآنِ وَقَدْ قِيلَ فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: {تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَن المضاجع} قِيلَ - الصَّلاةُ بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ الآخرة) (.. .. ..فمن أحيى مَا بَيْنَهُمَا فَحَظُّهُ الْوَافِرُ أَطْيَبُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، وَمَنْ صَلَّى سِتَّ رَكَعَاتٍ فَحَسَنٌ جَمِيلٌ، وَمَنْ صَلَّى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ فَفِيهَا بَالٌ، ثُمَّ أُحِبُّ لِمَنْ صَلَّى عَلَى هَذَا النَّعْتِ أَنْ يَتَفَكَّرَ فِيمَا اكْتَسَبَهُ فِي يَوْمِهِ الَّذِي مَضَى عَنْهُ، فَإِنْ كَانَ فَرَّطَ فِيمَا لا يَنْبَغِي أَنْ يُفَرِّطَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَيَتُوبَ إِلَيْهِ مِنْهُ وَيَعْتَقِدَ أَنْ لا يَعُودَ إِلَى مَا يَكْرَهُ مَوْلاهُ الْكَرِيمُ، هَذَا وَاجِبٌ عَلَيْهِ وَيَنْظُرَ فِيمَا اكْتَسَبَهُ مِنْ كُلِّ خَيْرٍ عَمِلَهُ فَيُلْزِمَ نَفْسَهُ الشُّكْرَ للَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَيَتُوبَ إِلَيْهِ مِنْهُ وَيَعْتَقِدَ عَلَى مَا وَفَّقَهُ لِذَلِكَ الْخَيْرِ وَيَسْأَلَهُ الزِّيَادَةَ مِنْهُ وَالْمَعُونَةَ عَلَى شُكْرِهِ فَإِنَّهُ قَرِيبٌ مُجِيبٌ لِمَنْ دَعَاهُ وَأَقْبَلَ عَلَيْهِ وَمُتَعَطِّفٌ عَلَى مَنْ أَدْبَرَ عَنْهُ.

محمد ابن الحسين وتی: پێم خۆشە کە انسان بەردەوام بێ لەسەر نوێژی نێوان مەغریب و عیشا، چونکە دەوترێ: [. . .] الله عَزَّ وَجَلَّ لە قورئاندا، وە وتراوە لە وتەی الله عَزَّ وَجَلَّ:

﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ السجدة [١٦]

واتە: (ئەو ئیمانداراە بەختەوەرانە (نێوانیان خۆش نیە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگەو ڕێگەو ڕێگەی گەرم و نەرما) واتە بەنوێژو خواپە رستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر).

وترا : نوێژی نێوان مەغریب و عیشای کۆتایی(. . . .) ، هەرکەسێ نێوانیان زیندووکاتەوە ئەوا زیاتر بەخت یاوەریەتی ان شاءالله، وە هەرکەسێ شەش ڕکعات بکات ئەوا ڕووخساری جوان دەبێت، وە هەرکەسێ چوار ڕکعات بکات ئاوا دەبێ حاڵی، پاشان پێم خۆشە هەرکەسێ لەسەر ئەم وەسفانە نوێژ بکات ئەوا بیربکاتەوە لەوەی بەدەستی هێناوە لەو ڕۆژەدا کە تێپەڕیوە، وە ئەگەر کەمتەرخەمیی کرد لەوەی کە پێویستە کەمتەرخەمیی تیانەکرێ ئەوا پێویست ئەکا داوای لێخۆشبوون لە الله عَزَّ وَجَلَّ بکات و تەوبە بکات لێی، وە بڕوای وابێت کە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە الله ـــ ی بەخشندە ڕقی لێیە، ئەمە واجبە لەسەری، وە سەیری ئەوە بکات کە بەدەستی دێنیت لەهەموو کارێکی خێر لەوڕۆژەدا با خۆی پابەندبکات بە سوپاسگوزاری الله عَزَّ وَجَلَّ بگرێت و بگەڕێتەوە لای، وە بڕوای وابێت کە الله تەوفیقی داوە بۆ ئەم کارە خێرە، وە داوای زیادبوونی بکات، وە یارمەتی بدات لەسەر سوپاس کردنی، چونکە بەڕاستی ئەو نزیکە و وەڵامدەرەوەیە بۆ ئەوانەی داوای لێدەکەن و بەرەو ڕووی دەڕۆن،وە بەسۆزە بۆ ئەوانەی کە پشتی لێ دەکەن.

٤٧. وَحَدَّثَنَا ابْنُ مَخْلَدٍ قَالَ حَدَّثَنَا حَفْصُ بْنُ عَمْرٍو الرَّبَالِيُّ قَالَ حَدَّثَنَا زَيْدُ بْنُ الْحُبَابِ قَالَ حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ أَبِي خَثْعَمٍ عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ صَلَّى سِتَّ رَكَعَاتٍ بَعْدَ الْمَغْرِبِ لا يَتَكَلَّمُ بَيْنَهُنَّ بِسُوءٍ عَدَلْنَ لَهُ كَفَّارَةَ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەرکەسێ شەشە ڕکعات نوێژ لەدوای مەغریب بکات لەنێوانیاندا هیچ قسەیەکی خراپ نەکا ئەوا یەکسانە بە کەفارەتی دوانزە ساڵ).

قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ :

٤٨. وَقَدْ رُوِيَ عَنْ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ أَنَّهُ قَالَ مَنْ صَلَّى بَعْدَ الْمَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ يَقْرَأُ فِي كُلِّ عِشْرِينَ مَرَّةً قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ بُنِيَ لَهُ قَصْرٌ فِي - الْجَنَّةِ فَإِذَا أَصْبَحَ قَالَتِ الْمَلائِكَةُ انْطَلِقُوا بِنَا نَنْظُرُ إِلَى قَصْرِ فُلانٍ.

محمد بن الحسين وتی :لەسفیانی ثوري ـیەوە بۆمی ڕیوایەت کردووە وتی: هەرکەسێ دوو ڕکعات نوێژ لەدوای مەغریب بکات لەهەریەکێکیان ٢٠ جار قل هو الله احد بخوێنێت ئەوا کۆشکێکی

بۆی لەبەهەشت بنیاد دەنرێ کە بەیانی کردەوە فریشتە پێی دەڵێت :وەرن با برۆین سەیری کۆشکی فلان بکەین.

تَمَّ الْجُزْءُ

وَالْحَمْدُ للَّهِ تَعَالَى فِي سَابِعَ عَشَرَ مِنْ ذِي الحجة متم ستة عشر وثمانمئة

وَالْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ أجمعين.

ئەم جزئە تەواو بوو الحمدلله تعالى لە ١٧ـی ذي الحجة هجری لە ساڵی ٨١٦ والحمدلله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وآله أجمعين.

"الحمدلله ياالله كه منەتی خۆت كردووه بەسەرمان و ئەمجارەش ئەم كتێبە تەواو بوو، داوای لێخۆشبوون دەكەین یاالله لەهەر هەڵە و كەموكورپیەك كە هەیە لەم كتێبەدا بێگومان ئێمەش جگە لەبەندەیەكی تاوانبار و خاوەنی هەڵە هیچی تر نین.

الله پاداشتی تەواو بەو كەسانە بدات كە بە وشەیەكیش یارمەتیان داین، هەم لەرەخنە هەم لە پێشنیار، الله بە إخلاصەوە لێمان قبوڵ بكات و بیكاتە مایەی سوود بۆ ئەم ئومەتە، آمین".

"اللَّهُمَّ انْفَعْنِي بِمَا عَلَّمْتَنِي، وَعَلِّمْنِي مَا يَنْفَعُنِي، وَزِدْنِي عِلْمًا"

"اللَّهُمْ اجْعَلْ عَمَلِي كُلَّهُ صَالِحَاً وَاجْعَلْهُ لِوَجْهِكَ خَالِصَاً وَلا تَجْعَلْ لِأَحَدٍ فِيهِ شَيْئَاً"

"اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَالْهَرَمِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ، اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا."